# کەی سنوورەکان دەشکێنین...؟

## وتارێک لە ئارشیڤەوە

د. ئەحمەد میراودەلی



mirawdaly@hotmail.com

پێش نیوەندی حەفتاکان و هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان کورد و ڕژێمی بەعسی عارەبی ، لە باشووری کوردستان ، ئەز لە وڵاتی ڕۆمانیا خوێندکار بووم .

بەشێوەیەکی گشتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ، ئەوانەی پشتگیری شۆڕشەکەمان دەکرد ، خۆمان بە نوێنەری نەتەوەکەمان دەزانی و هەردەم لە هەر بۆنەیەکدا کە بۆمان بلوایە ، لە ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان دەدواین و، ڕەوایی شۆڕشی کوردمان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بۆ خەڵکی بیانی دەسەلماند.

ئێمەش لە ڕۆمانیا وەک هەموو خوێندکارانی دیکەی هەندەران ، شریتێکی دوورو درێژی مێژووی کورد و کوردستانمان ، بەهەموو ئەو ستەمکاریانەی لە کورد کرابوو و دەکرا ، لە لایەن ڕژێمەکانی ، تورک و عارەب و فارسەوە ، هەرلەسەردەمی میدەکانەوە هەتا ئەوکات. وەک توتی ، لەبەرمانکردبوو و لە بۆنەکاندا دەمانگێڕایەوە.

ئێوارەیەک لەگەڵ (خوا لێخۆشبوو ، دکتۆر فازیل قەفتان) لە چێشتخانەیەک دانیشتبووین بەنیازی کاتێکی خۆش بردنەسەر. زۆری پێنەچوو "ڕۆمانی"یەک بەشداری مێزەکەی کردین . گوێی لێبوو بەزمانێکی بێگانە بەوان دەپەیڤین ، لە هەلێکدا کە بۆی ڕەخسا لێی پرسین : ئێوە خەلکی کوێندەرێن...؟ ئەوەندەمان بەسبوو بۆ ئەوەی هەردووکمان بە دووقۆڵی وەک شایەرەکان بەسەریاکدا هەستینەوە . بێ ئاگا، هەرجارەی بە شێوەیەک ناوی بەشەکانی کوردستانمان دەهێنا . جارێک دەمانگووت ، کوردستانی باشوور و چارێکی تر باشووری کوردستان و ، جارێکی دیکە کوردستانی عێراق....... بە هەمان شێوەش دەربارەی بەشەکانی دیکەی کوردستان . دوای ئەوەش کەوتینە کوتانەوەی سەروگوێلاکی ڕژێمە ستەمکارەکانی عارەب و تورک و فارس . هێندە ئەو ناوانەمان لەگەڵ ناوی کورد دا شێلا ، کابرا سەری لێ شێواو لە خوا حافیزیدا زۆر بەزەیی بە ئێمەی ( تورک) دا هاتەوە و داوای سەرکاوتنی بۆ کردین .

ئەوجا من و دکتۆری خوالێخۆشبوو ، سەیری یەکدیمان کرد و دامانە پرمەی پێکەنین .

ئەوەی ڕوویدا زێتر جێگەی نائومێدی بوو نەک پێکەنین . وەلی ئێمە خۆمان بەنائومێد نەزانی ، لەبەر ئەوەی دەمانزانی کابرا خوازیاری سەرکەوتن و سەرفرازی گەلێکی چەوساوە بوو ، لەلایەکی دیکەشەووە بۆمان دەرکەوت ئەو قەوانە سواوە بەکەڵک نایەت و دەبێ قەوانێکی تازە لێدەین .

لەوانەیە بەلای زۆرینەی کوردەوە چۆنیەتی ناوهێنانی بەشەکانی کوردستان گرنگ نەبێت ، لەبەر ئەوەی لەمانا ڕامیارییەکەی بەڵەد نین . لێ کە نووسەر و ڕۆشنبیر ، یان سیاسەتکارێکی کورد بەشێوازێکی هەڵە ناوی بەشەکانی کوردستان بهێنێ، بەڕای من تاوانێک لە ئەستۆی خۆی دەئاڵێنێ . کەسێکی بیانی کە وتاری نووسەر و سیاسەتمەداری کوردی بکەوێتە بەر دەست ، کە هەر یەکەو بەجۆرێک ناوی بەشەکانی کوردستان دەبات ، ئەگەر شارەزاییەکی زۆری لەسەر کورد و وڵاتەکەی نەبێ ، بێ گومان لە نێوان ( دوازدە) ناوی جۆراوجۆری بەشەکانی کوردستاندا سەری لێدەشێوێ، ئەمە ئەگەر کوردستانی سوریشی لێ دەرکەین .

دیارە وەک پەندی کوردی خۆمان دەڵێ ئەمە (مەسەلەی کوردەو لەکورد ڕویداوە)، هیچ وڵاتێکی دیکە ئەگەر دابەشیشکرابێ ئەم گیروگرفتەی کوردی نییە. دیارە ئەگەر کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ بووایە ئەم ناوە جۆراوجۆرانە لە ئارادا نەدەبوون . هەمووومان دەزانین ئەم ناوە جیاوازانە ئەنجامی ساڵەهای ساڵی مێشک شتنەوەی کوردە ، لەلایەن ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانەوە کە هەرگیز نایانەوێ ناوی کورد و کوردستان ببیستن . بەکارهێنانی ئەم ناوە جیاوازانە ئەوە دەسەلمێنێ کە دابەشکردنی کوردستان تەنها ئەو هێڵە درۆیانە نین کە لە یەکدی دابریوین . بەڵکو دیاردەیەکی ترش و تاڵە ، بەرەنگاربوونەوەی گەرەکە ، ئەمە دیاردەیەکە کاریگەرێتی لەسەر ئاوەز و هەستی وڵاتناسی و خۆناسینیشمان (شوناسنامە) مان کردووە . زوربەی کورد بێ بیرکردنەوە و سڵەمینەوە خۆیان بە عێراقی و ئێرانی و تورکیایی و سوریایی بە خەلکی دەناسێنین . لەگەڵ ئەوەشدا کە کوردستانییەکی دڵسۆز و وڵات پەروەرن .

زۆرنین ئەوانەی ناسنامەی داگیرکارانی کوردستان ڕەت دەکەنەوە و وەک کوردستانییەک خۆیان پێناس دەکەن . نووسەر و ڕامیاریکاری وڵات پەروەر و وڵات پارێز ، ڕێنووماکەر و پێشڕەوی گەلن ، دەبێ ناوی بەشەکانی کوردستان بە ڕاستی و درووستی بهێنن . بەشبەحاڵی خۆم ئەگەر بەسەر زمانمداهات و گوتم کوردستانی عێراق ، یان کوردستانی ، تورکیا و سوریا و ئێران ....دوابەدوای ئەوە ڕووەکەمە ئێزدانی مەزن و بۆ لێبوردن دەپاڕێمەوە ، چونکە ئەز کفر لە وە گەورەتر شکنابەم . کوردستان وەک هەر وڵاتێکی تر باکوور ، باشوور ، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی خۆی هەیە . با بەکاریان بهێنین و لە گوومڕایی بەدووربین .

کەنەدا 2001/11

تێبینی: ئەم وتارە ساڵی 2001 لە گۆڤاری"زەردەشت" دا لە کەنەدا بڵاوم کردۆتەوە .لێ دوای بینینی ئەو تکایەی کڵاورۆژنە لەسەر جۆری ناوهێنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ئاڕاستەی گشت نووسەرانی کردوە ، بەجێگەی خۆیم زانی بە کەمێک گۆڕانکارییەوە جارێکی دیکە بڵاویکەمەوە .